**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (24)ی رۆژی (2007/11/20) یدا ئەم یاسایەی دەرچوواند:

**یاسای ژمارە( 33 )ی ساڵی** / 2007

**یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم**: شۆڕش: شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان کە لە 1961/6/11دا هەڵگیرسا.

**دووەم**: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم): هەر کەسێك پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبێ و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بە شێوازی سیاسی سەربازی تێکۆشابێ.

**سێیەم**: شەهید: ئەو پێشمەرگەیە(زێرەڤانی هەرێم) کە لە کاتی شۆڕش ولە پێناوی دا شەهید بووە.

**چوارەم**:رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەیە(زێرەڤانی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە کە بەشدارییان لە کۆڕەوە قارمانیەکەی بارزانی لە نێوانی ساڵانی 1945-1958دا کردووە.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە کە چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان تا رۆژی 1991/3/5.

**ماددەی چوارەم:**

پلەو پایەو ئیمتیازاتی ویسام ومەدالیا ونیشانەو مەرجەکانی بەخشینیان بە پێشمەرگە بە یاسا دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو ماوەیەی کە (زێرەڤانی هەرێم)لە ریزەکانی شۆڕشی بەسەر بردووە بە خزمەتێکی کردەیی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەو خانەنشینی دادەنرێ.

**ماددەی شەشەم:**

ڕێزلێنانی ئەو شەهیدانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی شۆڕش و ئەو پێشمەرگە کەمئەندامانی دوای ئەو مێژووەی کە لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بە پێڕەوێکی تایبەت جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری پێشمەرگە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای ڕێزلێنانی ژمارە(9)ی ساڵی 1992ی پێشمەرگە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

**-هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -**

لەبەر گرنگی ورۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و نرخدانان بۆ ئەرك و خەباتی قارەمانییان و بۆ ڕێزلێنان لە قوربانی دانەکەیان و ڕژانی خوێنی پاکیان لە پێناوی ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و بۆ دەستنیشان کردنی ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوییان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (78) **ساڵی حەوتەم ـی ڕۆژی** 2008/1/27 **ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە**